# گاوانی ئازادی

ئیدریس شێخ شەرەفی

ئەمرۆ لە کوردستان یەکێک لەو چەمکانەی بەردەوام لە میدیا رەسمی و حیزبییەکاندا قسەی لەسەر دەکرێت، چەمکی ئازادییە. ئەوانەی باسی ئازادی دەکەن لە یەک کاتدا هەم گەرەکیانە وەک ئازادیخواز خۆ نومایش بکەن و هەم وەک یاسادانەر و هەم وەک چاوی زەقی دەسەڵات. ئەم حاڵەتە...

جگە لەوەی دەربڕی ئیشکالیەتێکی قووڵی فیکری و کەلتورییە، پیشاندەری رۆچوونیشە بەنێو هەناوی ئۆتالیتاریزمدا. ئەو کەسانەی بە بۆنە و بێ بۆنە پەیڤی ئازادی دەخەنە ڕستەکانیانەوە و حوکمی بەسەردا دەدەن و سنووری بۆ دادەنێن و ناشیرینی دەکەن، بیریان چۆتەوە کە ئەوان مەبەستیان دەمکوت و سەرکوت و تۆقاندن و لە گۆخستنی مرۆڤە و بۆ تەنیا جارێکیش گومان لەو ئازادیی خۆبەحەقزانینە ناکەن کە هەر خۆیان بە بەژنی خۆیانی دەبڕن.

ترس و ڕاکردن لە ئازادی بەدرێژایی مێژووی نوێی ناوچەکە کەم گەل و نەتەوە بەرچاو دەکەون کە هێندەی گەلی کورد باسی ئازادییان کردبێت و دەمیان لە ئازادیخوازی دابێت. ئازادی تا کاتێ کە تەنیا دروشمە و نەچۆتە قاڵبی پراکتیکەوە و زەرەری بۆ پەز نییە، نما و سیمای رازێنەری هەموو جووڵە و بزاڤە سیاسییەکانە و هەر لەژێر سێبەری ئەم پەیڤەدا گەورەترین شەرعیەت دروست دەکرێت و حەق و حەقیقەت لەدایکدەبێ!

بەبێ گەشەی کەلتوری و سیاسی نێو کۆمەڵگەیەکی نەخوێندەوار، ئەو کاتە کە کوردەواری بە ڕێژەیەکی هەژێنەر هەژاری و ناهۆشیاری باڵی بەسەردا کێشابوو نەوەی پێش ئێمە ئەم چەمکەی وەکو یەکێک لە بەرزترین ئامانجەکانی خۆی بە دەرەوە و ناوەوە ناساند و هەموو لەیاسادەرچوونێکیش هەر ئازادی پاساوی بۆ دەهێنایەوە. بێگومان ئەو هەموو کۆت و پێوەندەی لە ملی کورد کرابوو کە هەر ئەو کاتیش بەشێکی هەرە زۆریان ناوەکی بوون و بە پلەی یەکەم لە مرۆڤیان خستبوو ڕەنگە سەرەتایەکی باش بووبێت بۆ چەکەرەکردنی ویستی "رزگاربوون"، بەڵام هەموو ئەو کارەسات و تاریکیانەی نێو چوارچێوە ڕەش و ژوورەکانی تێکشکاندنی بەها بەرزەکانی مرۆڤ مرۆڤی ئازادیخوازی بەرهەم نەهێنا، یان ئەگەر بەرهەمیشی هێنابێت ئازادیخوازی بێدەسەڵات بووە.

کاتێ کورد لە قۆناغێکی دیاریکراودا لەژێر نیری زۆرداری و چەوسانەوەی دەرەکی ڕزگاری دەبێت و بۆ یەکەم جار لە بەردەم ئەزموونی هەڵبژاردنی ئازادیدا خۆی دەبینێتەوە، تووشی تاسان دەبێت. ئەو نوخبانەی هەڵگری پەیامی ئازادیخوازی بوون - هەرچەندە دەکرێ گومانی جیددیش لەمە بکرێ، بەڵام لانیکەم لەسەر ئاستی دروشمدا بەم جۆرە خۆیان پێناسە کردووە؛ ئەمجارەیان بە شوێن پاساو و بیانووی نەبوون یان نەچەسپانی ئازادیدا دەگەڕێن، ئەوانەی سەردەمێک پێیان وا بوو هەر داگیرکار و بیانی نەما وڵات دەبێتە شامی شەریف و ئیدی کوردستان دەبێتە بەهەشتی سەر ڕووی زەمین، لە یەکەمین ئەزموونی خۆیاندا ئەم خەونە دەدۆڕێنن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ڕێزگرتن لە "یاسا" و "نەریت" و "کەلتور" ئەرکی سەرەکی سەرشانی هەموو کەسێکە، بێ ئەوەی تەنیا جارێک خەیاڵیان بۆ ئەوە چووبێت کە رۆژێک لە رۆژان و لە سەردەمێکی زۆر لە ئێستا تاریکتر هەر ئەوان دژی "یاسا" و "نەریت" و "کەلتور" ڕاپەڕین - یان دەبێ گومان لەمەشیان بکرێت؟.!

ئەگەر تەواوی ئەرکی یاسا و یاسادانان لەوەدا کورت بکرێتەوە کە بریتییە لە سنووردانان بۆ ئازادی، ئەوا هەڵەیەکی کوشندەیە، دەبێ ئازادی بە بنەما وەربگرێت و ئازادیی مرۆڤ لە خودی خۆیدا مەزنترین بەها بێت، واتە لە هاوکێشەی (ئازادی + دەسەڵات + یاسا) پێویستە ئازادی بنەما بێت و دەسەڵات و یاسای لەسەر بونیا بنرێت نەک بە پێچەوانەوە، و دەبێ ڕێزگرتن لە بەرفراوانبوونی خەون و خەیاڵ و بیرکردنەوەی ئازادانەی تاکەکان بنچینە و پرەنسیپ بێت نەک یاسا، چونکە هیچ وڵات و سیستەمێکی سیاسی نییە بەوپەڕی ڕژدییەوە داکۆکی لە یاسا نەکردبێت و هیچ دەسەڵاتێک نییە کە بەوپەڕی هێزییەوە داکۆکی لە چەسپاندن و بەرقەراری یاسا نەکات. کەواتە ئەگەر گوتاری یاساپارێزی و یاساسەرەوەری تەنیا بۆ کۆت و بەند بێت سیستەمە تۆتالیتێر و دیکتاتۆرییەکان پشکی شێریان بەردەکەوێت. هاوکێشەکە بە پێچەوانەوەی ئازادی بەهایە، نیشانەی گەورەبوون و بەرزبوونەوەی ڕەهەندی ڕۆحی و مرۆییەکانی تاکەکان و یاسا بەدەوریدا دەخولێتەوە، ئەویش نە هەموو یاسایەک، نە هەموو ڕێسا و ڕێوشوێنێک بەڵکو یاسا و ڕێسایەک کە لەلایەک بەرهەمی ئیرادەی ئازادیی مرۆڤ و لەلایەکی ترەوە دەرەنجامی ئەفراندن و گەشە و خەلاقیەتی بیرمەندانی مرۆڤایەتی بێت.

کاتێ کانت تێڕوانینی خۆی بۆ هەر سێ چەمکی "ئازادی" و "یاسا" و "دەسەڵات" دەخاتەڕوو بەم جۆرە لێکیان گرێدەدات: یاسا و ئازادی بەبێ دەسەڵات واتە "پشێوی"، یاسا و دەسەڵات بەبێ ئازادی، واتە "ملهوڕی" و دەسەڵات بەبێ ئازادی و یاسا واتە "وەحشیگەری". کەواتە تەنیا جەختکردن لەسەر یاسا و دەسەڵات کە ئەمرۆکە لە هەمیشە زیاتر لە کۆمەڵگەی ئێمەدا قسەی لەسەر دەکرێ هیچ دەرەنجامێکی لێ ناکەوێتەوە جگە لە "ملهوڕی" نەبێت. دامەزراندن و تۆخکردنەوەی دەسەڵات و پاساوهێنانەوە بۆ کردەوەکانی و هەر لەوێشەوە کاتێ هەر خودی دەسەڵات دەبێ بە تاکە سەرچاوەی یاسادانان، ئەوا هیچ گومانی تێدا نییە کە بە کوشتنی ئازادی و لەباربردنی بەشێکی زۆری خەونەکانی تاکی کوردی و نێهیلیزم کۆتایی دێت. هەر کەسێکیش پێی وا بێت بێدەنگبوون و متبوون و ڕازیبوونێکی کوێرانە نیشانەی بەرقەراری و سەقامگیری ئاشتی و ئاسایشە ئەوا تووشی هەڵەیەکی کوشندە هاتووە. ئازادی و نارەزایەتی نیشانەی هەوڵدان و کردنەوەی دەرگاکانی داهێنان و خەلاقیەتە.

خۆ هەڵگرتن و خەون هەڵگرتن بۆ رۆژی دوایی ئەوەی رۆڵەی ئێستا و سەردەمی خۆی نەبێت بێگومان هی سبەینێ و ئایندەش نییە! ئایندە هیچ نییە جگە لە ئێستایەکی درەنگوەخت نەبێ. یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی بیری بەشێکی زۆر لە بیرمەندانی مۆدێرنیە هەر لە چوارچێوەی ئەم تێڕوانینەدا دەخولایەوە؛ ئەوان پێیان وا بوو عەقڵی مرۆڤ لەسەر هێڵێکی ڕاستدا بە ئاراستەی ئازادی دەڕواتە پێش وەک ئەوەی ئایندە لە هەگبەی خۆی و لە ڕۆژانی داهاتوودا "ئازادی" بۆ خەواندبن و مرۆڤ رۆژێک بەیانی لە خەو هەڵدەستێ و سەیری ڕابردووی دوورودرێژ دەکات و هەر کە ئاوڕی لە پێش خۆی دایەوە ئازادی حازر و ئامادەییە. ئەمە کێشە و نەخۆشیی "مارکسیزمیش" بوو. کەواتە نەک هەر ئازادی لە ئایندەیەکی نادیاردا لە قوتو نەنراوە و وەک قاورمە هەڵنەگیراوە بەڵکو ئازادی لە کردەوەکانی ئێستاماندایە.

ئەمرۆ سەرلەنوێ زایەڵەی دەنگ و گوتاری "بەعسیزم و فاشیزم و هزری چەقبەستووی بەشێک لە سیاسەتی عەرەبی و دەوروبەرمان لە زمانی قسەکەرانی ڕاگەیاندنی ئێمەش دەبیسرێنەوە، واتە تا کاتێ ئێمە کێشەی نەتەوەیی و نیشتمانیمان هەبێت، تا کاتێ ئێمە کێشەی خاک و ئاومان هەبێت، تا کاتێ ئێمە کێشەی دەرەکی و دوژمنە چاوزەقەکانمان هەبێت، تا کاتێ... دەبێ خۆمان هەڵگرین، دەبێ یەکدەنگ و یەکریز بین و خەونەکانمان بخەینە هەنبانەوە و چیتر باسی هیچ نەکەین، چونکە دەسەڵات دڵی زۆر ناسک بۆتەوە؟! ئەمە نەک هەر کوشتنی ئێستا و نەوەی ئەمرۆیە، بەڵکو ویرانکردنی داهێنان و ڕەخنەیشە و لەمەش زیاتر داڕووخاندن و خاپوورکردنی ئایندەی نێو دروشم و گوتارەکانی ئەوانیشە.

هیچ شتێک هێندەی پۆلێنکردنی ڕەخنە هەزەلی و کۆمێدی نییە. پۆلێنکردنی ڕەخنە بۆ بونیاتنەر و ڕووخێنەر، بۆ باش و خراپ، بۆ یاسایی و نایاسایی و بۆ خێرخوازانە و شەڕخوازانە، بۆ جوان و ناشیرین بۆ ...ترسانە لە دەنگی جیاواز، ڕەخنە یان هەیە یان نییە، ڕەخنە ڕەخنە و پێچەوانەی ڕەخنە و جۆرەکانی ڕەخنەمان نییە، کەسێک جوێندان و ناوزڕاندن بۆ پێناسەی جۆرێکی تری ڕەخنە بەکاربێنێ ئەوا نە لە ڕەخنە تێگەیشتووە نە گرنگی ڕەخنەش دەزانێ. مادام مرۆڤ و کارکردن هەیە، مادام دەسەڵات وەسوەسەمان دەکات و گەندەڵ دەبین، مادام مرۆڤ فریشتە نیهی، ڕەخنە گەورەترین دانیەمۆ و بزووێنەری داهێنان و هەڵسەنگاندنە. لێرەدا پێویستە ئەو خاڵەش بخەینەڕوو بەشێک لەو دژایەتییە قووڵەی بەرامبەر ڕەخنە هەیە ڕەگی بە قووڵی لەنێو کەلتوری خۆماندایە؛ کاتێ فێر دەکرێین پاک و جوامێر و دلێر و نەبەرد و شەرافەتمەند و پیاوین و بە درێژایی چاخ و سەردەمەکان ئەم گوتارە تۆخ و تۆختر دەکرێتەوە و جۆرێک لە خود بۆ خۆمان دروست دەکەین کە لە یەکەمین بینین لە ئاوێنەی ڕەخنەدا تووشی شۆک و تاسانمان دەکات ئیدی کێشەکە هێندەی پێوەندی بە دروستکردنی وێنە و خۆجوانکردنێکی گێلانەوە هەیە هێندە پێوەندی بە ڕەخنەوە نییە. ئەگەر هێندە پاک و بێگەرد و شەرافەتمەندین ئەی ئەو خێڵە پان و بەرین و سیالەشکرە سیخوڕ و جاش و ئەڵقە لەگوێیە چییە بە دوامانەوەیە!؟ کەواتە بە پلەی یەکەم ڕەخنە گومانێکی قووڵە لە گوتارێکی ڕەگداکوتاوی گەندەڵ کە توانای خۆبینینی نییە.

دیسان دەستەکانی پشتەوە هەڵبەتە دەبێ ئەوە بڵێم کە داکۆکی و پاساو و پینە و پەڕۆکردنی کەموکوڕییەکانی ئێستای دەسەڵات جورئەتی دەوێ؛ بوێری دەوێ کەسێک بەوپەڕی لێبڕاوییەوە دەنگ هەڵبڕێ و بەرگری بکات. ئەوە نەک زەرەیەک خزمەت بە باشبوون و تۆکمەبوونی دەسەڵاتی سیاسی و مەشروعییەت ناکات بەڵکو بە دەردی هەموو ئەو دەسەڵاتانەی دەبات کە کەسانی هاوشێوەی سەحافی دروست کرد. هەموو چاوێکی کراوە دەزانێت کەموکوڕیی ریشەیی و جەوهەری هەیە و دەبێ بە زووترین کات چارەسەر بکرێت. موجامەلە و دڵنەوایی و مکیاج نامانگەیەنێتە هیچ شوێنێ، کاتێ دادپەروەری دەبێتە بەهایەکی ریسوا، کاتێ هیچ ئینتیما و دڵسۆزییەک نامێنێ، کاتێ کوڕەوێکی نادیار لە ڕێگادایە، کاتێ هێشتا قوربانیانی هەڵەبجە چاوەڕوانی وەڵامی عەریزەکانیانن، کاتێ ئاوارەکانی کەرکوک و ژنە ڕەشپۆشەکانی ئەنفال سۆمای چاوییان نەماوە، ئیدی قسەکردن لە دەسکەوت و جوانی وڵات بوێری دەوێ؟!

یەکێکی تر لە نەخۆشییەکانی هەموو سیستەمە تۆتالیتێر و گەندەڵەکان دەکارهێنانی لێزانانەی "تیۆری پیلانگێڕی - نظریە المؤامرە"یە، هەر جووڵەیەک یان هەر بزاوتێک، هەر نیگایەک و هەر قسەیەک، هەر دەنگێک و هەر ڕەنگێک بە ئارەزووی ئەو نەبێت، دەستێکی ڕەشی لەپشتە، نییەتێکی گڵاوی لەپشتە، دەبێ ئەم دەستە ببڕدرێت و نییەتە گڵاوەکە لە گۆڕ بنرێت. ئەمە نەک هەر نەخۆشی بەڵکو میتۆدێکی کارکردنی ڕژێمە عەرەبی و ئیسلامییەکانە و هەندێ لە دەمڕاستانی بواری ڕاگەیاندنی کوردیش بە بۆنە و بێ بۆنە ئەو قەوانە لێدەدەنەوە. ئاخر کاتێ خەڵک چلەی هاوین کارەبای نییە و دەڕژێتە سەر جادە و لە حاڵی خۆی بێزارە، دەستی چی؟! ئاخر کاتێ لاپەڕەی ڕۆژنامە نەما بە حیزبییەکانیشەوە لەسەر گەندەڵی و دزی و سیخوڕی نەنووسێت و کەمترین وەڵام و دادگایی ڕێکنەخرا، ئیدی دەستی ڕەشی چی؟! ئەوانەی بەم جۆرە دیاردە و قەیرانەکان شرۆڤە دەکەن نەک هەر بیریان ماندوو نابێت و تۆزقاڵێک هزریان بەگەڕ ناخەن بەڵکو تەنیا گوێی خەڵک ئازار دەدەن و خەریکی ڕاوە جنۆکەن. ئەگەر قەرار بێت ڕەخنەگرتن و تووڕەبوون لە ناهەمواری و کارەساتەکانی ژیان و کەسانی نابەرپرس تەنیا و تەنیا بە وشەی وەک" لەگەڵ ڕێزمدا بۆتان، مەبەستم هیچ کەس نییە، کەس بە هەڵە تێم نەگات و ... هتد" ئاوێتە بکرێت بۆ ڕاگرتنی دڵی ناسکی دەسەڵات، ئەوا نەک هەر هیچ سوودێکی نییە و کەس خۆی لێ بە سێحەب ناکات بەڵکو کاتکوشتنە و دەبێ ئەوە بزانین کە تەنیا نەتەوە و گەلێکی ئازاد و هۆشیار و ڕەخنەگر و نارازی دەتوانێ لە دنیای هاوچەرخدا خۆی بگونجێنێت.

کارەساتە ئەگەر دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان تەنیا دڵی خۆی بە ڕاڤە و شیکردنەوەی هەندێ کەسی دەوروبەری خۆی خۆش بکات کە تەنیا لە گۆشەیەکی تەسکەوە شتەکان دەبینن. دەبێ دەسەڵات ئەوە بزانێ ڕەخنەی ڕەق و توند زۆر لەو نەوازشانە باشترە کە بەرگوێی دەکەون، چونکە خۆی ئەزموونی نەوازشکەرانی پێشتری بینیوە و هەر لە بنەڕەتیشدا ڕەخنە دەبێ توند و جیددی بێت. گلەیی لە سارتەر دەکەن و دەڵێن تێڕوانینی تۆ بۆ ژیان زۆر ڕەشبینانە و نیهێلیستییە؛ لە وەڵامدا دەڵێ "ڕۆشنبیر وەک پۆلیسی هاتوچۆ وایە، ئەرکی سەرشانیەتی سەرپێچییەکان دەستنیشان بکات"، بێگومان ڕاستە، چونکە ئەگەر قەرار بێت پۆلیس وەسڵی دەستخۆشانە بۆ شوفێرەکان بنووسێت، ئەوا دەبێ کاغەزی چەند ساڵی قوتابخانەکانی بۆ قەرز بکرێت. ڕەنگە دەسەڵاتی کوردی حەزی لە پۆلیسی دووەم بێت!

بیانوویەک بۆ ئازادی بیانوویەک بۆ دەمکوتکردن هەروەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، دەشێ "ئازادی" بنەما بێت و شتەکانی تر بە تەورەی ئەودا بخولێنەوە. بەڵام پێدەچێت دەمڕاستانی ڕاگەیاندنی کوردی جۆرێکی تر سەیری کێشەکە بکەن. سەیرە کەسێک خۆی بە ڕۆژنامەنووسی خاوەن ئەخلاقیاتی ڕۆژنامەنووسی بزانێ بەڵام کاری سەرەکیی خۆی لە دانانی کۆت و بەند لە بەردەم ئازادیی بیروبۆچوون و ڕادەربڕیندا چڕ بکاتەوە و بڵاوبوونەوەی چەند بابەتێک لە چەند سایتێکی کوردی لەلایەن چەند کەسێکی نەخۆشەوە بکاتە بیانوو بۆ ئەوەی باسی سنوورەکانی ئازادی و دەمکوتکردن بکات. جارێ بەر لە هەموو شتێ دەبێ ئەوە بڵێم کە هەموو ویژدانێکی ئازاد ئەوە دەزانێ کە کرانەوەی کۆمەڵگەکەمان بە ڕووی جیهانی دەرەوە و یەک لەوان بە ڕووی شۆڕشی زانیاریدا، ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری و بیرکردنەوە و بڵندبوونی ویستی تاکی کوردی و تەکنەلۆژیای زانیاری سوودەکان دەیان و سەدان جار زیاتر بووە لە زیانەکانی. کەواتە ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە دەرەنجامگیری بکرێت ئەوا کارەساتێکی گەورەیە و هەوڵدان بۆ (حسێب و کتاب) کردن لەگەڵ خەڵکی لەلایەن بنووسی (کاتبی) نێو هەندێ ڕۆژنامە نیشانەی بچووککردنەوەی دەسەڵاتە.

ئەگەر دەسەڵاتێک کۆڵەکەکانی لەسەر شەرعییەت و ڕەزامەندی خەڵک دامەزرابێ، ئەوا بێگومان بە چەند بابەتێکی هەندێ پێگەی ئەلەکترۆنی لەرزۆک نابێت و هیچ پێویست بە دامەزراندنی" کۆمیتەی چاودێری" ناکات چونکە دەبێ میدیا و دەسەڵاتی چوارەم چاودێری دەسەڵاتەکانی تر بکات نەک بە پێچەوانەوە. پاشان کاتێ دەستور هەیە، ئەو هەموو ترس و دڵەڕاوکێ و شینە بۆچی بۆ لەدەستچوونی قودسیەت و جوانی ڕۆژنامە؟! ئاخر کاتێ ئەمە دیدی نوخبەی ڕاگەیاندن بێت و بەم جۆرە سەیری میدیا بکات، ئیدی چۆن دەشێت میدیا ئەو دەسەڵاتە بێت کە بەهای نوێ و ڕای گشتی دروست بکات؟ ڕۆژنامە و کەناڵەکانی تری ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندن پانتایی لەبار و هەستیارن بۆ گەشەکردن و گەورەبوونی ئازادی و دیالۆگ و مشتومڕی جیددی. ئەگەر قەرارە نەتەوەش دروست بێت بێگومان منداڵدانی ئەم زانە بە پلەی یەکەم میدیایە.

ڕاگەیاندن (اعلام) یان پروپاگەندە) دعایە( یەکێکی تر لە نەخۆشییەکانی میدیا لە جیهانی ئێمەدا ئەوەیە کە هێشتاش لە کەم بواردا دەکەوێتە خانەی ئەو پێناسەیەی بۆ ڕاگەیاندن دەکرێت. هەر لە سەرەتای ئەزموونی حیزبایەتی لە ڕاگەیاندنی کوردیدا و تێکەڵکردنی بە ئایدۆلۆژیا، چووەتە قاڵبی پروپاگەندە و ڕێکلامەوە. ئەگەر ئایدۆلۆژیا نەخۆشییەکی هێندە ترسناک بووبێت کە گورزی کوشندەی لە سەرجەم بونیادەکانی کۆمەڵگە دابێت، ئەوا ڕاگەیاندن - یان بە مانا ڕاستەکەی پروپاگەندەی ڕەسمی- توانیویەتی وەک ژەهر لە خوێنی ئەندامەکانی بگەڕێت و دیوارێکی بەرز لە بەر دیدیان دروست بکات. ئەگەر ڕاگەیاندنی کوردی تووشی کڵۆکی و ناراستگۆیی بووبێت، ئەوا بە شێوەیەکی بنەڕەتی هۆکارەکەی بۆ ئەو ڕۆژنامە و ڕاگەیاندراوە بینراو و بیستراوە دەگەڕێتەوە کە حکومەت و دەسەڵاتیان لا شامپۆ و سەیارەیە؛ شەو و ڕۆژ پروپاگەندەی بۆ دەکەن. تا کاتێک کە ڕۆژنامەی ڕەسمی و حیزبی قۆناغی جاڕدان و پروپاگەندە بەجێنەهێڵێت و بە کردەوە نەبێت بە ڕاگەیاندن، میدیای ڕەسمی حاڵی لەمەی ئێستا باشتر نابێت کە ئەگەر بەسەر دامودەزگاکانی حکومەتدا فەرز نەکات چەند دانەیەکی لێ سەرف نابێت و ئەمەش کێشەیەکی زۆر گەورەیە کە تا ئێستا کەمتر لای لێدەکەنەوە یان ناتوانن ڕووبەڕووی ببنەوە؟!

حکومەت دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، تەنیا ئەوەندە! یەکێک لە ئەرکە هەرە سەرەتایی و ئەخلاقییەکانی ڕاگەیاندن چاودێری و ڕەخنەگرتنە لەم دەسەڵاتە. کاتێک ڕاگەیاندن دەبێتە جاڕدان و ڕێکلام، ئیدی چ چاوەڕوانییەک هەیە بۆ شەفافیەت و کرانەوە؟ ئەوانەی ئەمرۆ بوونەتە دەمڕاستی ڕاگەیاندنی (ڕێکلام) ڕەسمی، هێشتا سەرنجیان لەم خاڵە و لەم جیاوازییە جەوهەرییە نەداوە و هەر بۆیەشە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خەڵک زیاتر لەم جۆرە تێڕوانینە و ئەم شێوازەی خستنەڕووی دیاردە و ڕووداوەکان بێزار دەبێت.

سەردەمی مەداحی و پیاهەڵگوتن و درۆکردن بەسەرچووە. دەبێ ڕاگەیاندن جورئەتی ئەوەی هەبێت شتەکان وەک ئەوەی هەن بخاتەڕوو. ئازادیی ڕادەربڕین هەروەک مۆنتسکیو دەڵێت "تەنانەت گەرانتی زیانەکانی بیر و بۆچوونە چەوتەکانیشە." ئازادیی گاگەڵ نییە شۆڕ بکرێتەوە بۆ گەوەرەکانی دەسەڵات، بەڵکو نیشانەی مرۆڤبوون و گەشەی ڕۆح و کامڵبوونی عەقڵی مرۆڤ.

سەرچاوە
www.dimane.com

دەروون دونیا

## پیرۆزە بنکەی نوێی ئەمریکی

سروشتی کەسایەتی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لەبڕیارداندا بەهۆی ئەو هەموو شکانەوە کە بەسەریدا هاتووە زۆر ڕاڕاو لەرزۆکە. ئەم بارە دەروونییە ناجێگیرە کاریگەری لەسەر زۆربەی تاکەکانی ئەم لایەی گۆی زەمین دروست کردووە بەوانەشەوە کە خاوەنی بڕوانامەی باش و دەسەڵاتی لەبەرچاون. کوردستان کە لەئاکامی ئەو مێژووە دوورو درێژە پڕ لەپاشکۆیەتی و ژێردەستەییەوە فەزایەکی لێواو لێوی لەدواکەوتنی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری تیا خولقاوەو پشکی شێری بەرکەوتووە لەوبارە دەروونییە ئاڵۆزەی کە دەیان کەسی خاوەن بڕیارو خاوەن دەسەڵاتی ڕاڕاو لەرزۆکی بەدوای خۆیدا خولقاندووە. چەند ساڵێکی زۆر نییە کامپە گەورەکەی ئاوارەکانی کەرکوکیان لەشانەدەری ڕاگواست، بەرەو بازیان و چەمچەماڵ بەنیازی ئەوەی ئەو ناوچەیە چۆڵ دەکەن و بنکەیەکی سەربازی هاوپەیمانان لەوێ دادەنێن. تەنانەت بیر لەوە کرایەوە کە سوپای عێراقیش لەبانی مەقان بگێڕنەوە بۆ نزیک کەرکوک و ئاوارەکان لەناحیەی قەرەهەنجیر کامپێکی گەورەیان بۆ بکرێتەوە.

خۆ ئەوکاتە هێشتا مەسەلەی ئێران و ئەتۆمەکەی و تیرۆریستان وەکو ئێستا نەبوو، بەڵام بارودۆخە سیاسییەکەی ئەوساو سەرسەختی ڕژێمی عێراق نەیهێڵا کردنەوەی ئەو بنکەیە سەربگرێ.. ئەوکاتە زۆربەی خەڵکی ڕۆشنبیر هەستی بەوە دەکرد کە ئەمریکا بەنیازە بنکەیەکی سەربازی لە لێواری ئێران بکاتەوە، زۆریش پێویست بوو لەوکاتەدا پەرە بەو مەسەلەیە بدرێ لەلایەن کورد و حزبە کوردستانییەکانەوە. لەلایەک ڕەنگە ببوایە بە وەرەقەیەکی بەهێز و فشارێکی توند بۆسەر دەوڵەتەکانی ناوچەکەو کورد بە کوڕی ئەمریکا بزانن و نەوێرن زۆر دەستی بۆ درێژ بکەن، لەلایەکی دیکەش ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆی کوردستان زۆر دوور دەبوو..

بارودۆخی ئاڵۆزی عێراق و ناوچەکە ئێستا دووبارە دەخوازێتەوە کە ئەو مەسەلەیە بهێنرێتەوە ئارا، بەڵام ئەمجارەیان ئەمریکا چاوەڕێی ئەوە نییە کە پرس و ڕا بە خەڵک بکات، یان لەکەس بترسێ، بۆیە بەناچاری کورد دەبێ ملکەچی ئەو حاڵەتە بێت، سەرۆکی هەرێم پێخۆشحاڵی خۆشی دەربڕی لە کردنەوەی ئەو بنکەیە، لەکاتێکا هەموو کوردێکی عەلمانی و نەتەوەیی دەزانێ کە هێزێکی لەوبابەتە زۆر پێویستە بۆ سەرکەوتن و ڕزگاری کۆتایی و سەربەخۆیی کوردستان، بەڵام پێخۆشحاڵییەک لەم کاتەدا کە ناوچەکە گڕی گرتووەو لەزمانی سەرۆکی هەرێمەوە ئایا کوردستان ناکات بە یەکێک لەبەرە گەرمەکانی ئەو جەنگەی کە خەریکە لەنێوان ئەمریکاو ئێران هەڵبگیرسێ؟. ئایا ئەم قسەیە کار لە پەیوەندییەکانی نێوان کوردو ئێران ناکات، بازاڕی کوردستان بەرەو ئاڵۆزی نابات؟، لەکاتێکا ئەم قسەیە دەوترێ ئەمریکا دەست بۆ قنسوڵگەری ئێران دەبات لە هەولێر.